# گەشەی بەرهەمی نێوخۆی عێراق لە سفرەوە بۆ 4.1% لە 2025

28-10-2024

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی IMF لە راپۆرتی ساڵانەیدا بەناونیشانی "ئاسۆی ئابووری جیهان[1]" پێشبینییەکانی بۆ 195 دەوڵەت لە 2025دا خستۆتەڕوو، کە بەگوێرەی ئەوە گەشەی ئابووری جیهان بەهەمان ڕێژەی ئەمساڵ لە ئاستی 3.2%دا دەبێت، بەڵام گەشەی ئابووری زۆربەی وڵاتانی تازەگەشەکردوو لەنێویاندا عێراق لەرێژەی 0.1% بۆ بۆ 4.1% زیاد دەکات، کە هەرچەندە ئەمە پێشبینییە، بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە عیراق چیکردووە کە وا سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی بە گەشەکردنی ئابوورییەکەی گەشبینە.

## بەرایی

سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی IMF لە راپۆرتی ساڵانەیدا بەناونیشانی "[ئاسۆی ئابووری جیهان[1]]" پێشبینییەکانی بۆ 195 دەوڵەت لە 2025دا خستۆتەڕوو، کە بەگوێرەی ئەوە گەشەی ئابووری جیهان بەهەمان رێژەی ئەمساڵ لە ئاستی 3.2%دا دەبێت، بەڵام گەشەی ئابووری زۆربەی وڵاتانی تازەگەشەکردوو لەنێویاندا عێراق لەرێژەی 0.1% بۆ بۆ 4.1% زیاد دەکات، کە هەرچەندە ئەمە پێشبینییە، بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە عیراق چیکردووە کە وا سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی بە گەشەکردنی ئابوورییەکەی گەشبینە.

لێرەدا لەسەر چوار بنەماکەی دەستنیشانکردنی گەشەی بەرهەمی نێوخۆیی GDP هەڵوەستەیەک لەسەر هۆکارەکانی پێشبینی و گەشبینی سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی IMF بۆ هەڵکشانی گەشەی بەرهەمی نێوخۆیی عێراق لە ساڵی داهاتوودا دەکەین و دەمانەوێت بزانین کە ئایا ئەوەندە گەشە دەکات یان بە پێچەوانەوە، دەشێ لە 2025دا لە ژێر سفرەوە بێت ؟


## خەرجی تاک و حکومەت؛ کڕینی کاڵا و خزمەتگوزاری و بنیاتنانی ژێرخان

ساڵ بە ساڵ خەرجییەکان لە عێراق زیادیکردووە جا چی خەرجی بەکارخستن یان وەبەرهێنان بێت، زیادبوونی ئەم خەرجییەش بەواتای زیادبوونی داهاتی تاک دێت، چونکە رێژەی 23%ی دانیشتوانی عێراق یان [9.5] ملیۆن کەسی مووچە وەردەگرێت [2] کە دەکاتە یەک لەسەر چواری دانیشتوانەکەی بەبێ هەرێمی کوردستان، راستەوخۆ مووچەی مانگانە لە دەوڵەت وەردەگرن، کە ئەمەش بەرزترین رێژەیە لە جیهاندا و رێژەی 75%ی بودجەی ساڵانەی وڵاتی بۆ تەرخاندەکرێت.

ئەگەر بەراوردێکی دیکەش لەڕووی کۆی خەرجییەکانی وەزارەتی دارایی عێراق لە 7 مانگی یەکەمی ئەمساڵ لەگەڵ 7 مانگی یەکەمی ساڵی 2023 بکەین ئەوا جیاوازییەکە سەرووی 19 تریلیۆن دینارە و چاوەڕواندەکرێت ساڵی داهاتوو زیاتر بێت، چونکە لەوانەیە وەک ساڵانی پێشوو بودجەی ساڵانە زووتر پەسەند بکرێت و ئێستاش سەرەتای گفتوگۆکان لەوبارەیەوە دەرکەوتوون. هەروەها زیادبوونی خەرجییەکان لە ئەمساڵدا بەشێوەیەکە کەوا هەردوو خەرجی بەکارخستن و وەبەرهێنانیش زیادیکردووە وەکو لە گرافیکی یەکەمدا هاتووە.

خاڵی سەرەکی لە زیادبوونی خەرجییەکان پەیوەستە بەزیادبوونی بڕی ئەو پارەیەی حکومەت بۆ ئەو 9.5 ملیۆن عێراقییەی دابینی دەکات. بۆ نموونە لە 7 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا گەیشتووەتە 33.53 تریلیۆن دینار لەکاتێکدا لەساڵی رابردوو لەهەمان ماوەدا 25.21 تریلیۆن دینار بووە، واتە بەڕێژەی 24.8% زیادیکردووە، کە ئەمەش رەنگدانەوەی گەورەی لەسەر زیادبوونی خەرجی تاک لەنیوخۆ و دەرەوە بۆ هاوردەکردنی کاڵاو و خزمەتگوزارییەکان دەبێت.

گرافیک 1: خەرجی حکومەتی عێراق بۆ بەکارخستن و وەبەرهێنان لەنێوان حەوت مانگی یەکەمی 2023 و 2024



سەرچاوە: [وەزارەتی دارایی عێراق](), 25-10-2024


# وەبەرهێنان و ئەنجامی هاوردەکردن و هەناردەکردن

خاڵێکی دیکە لە دەستنیشانکردنی گەشەی بەرهەمی نێوخۆی وڵاتێکدا پەیوەستە بە وەبەرهێنان چ نێوخۆیی یان دەرەکی بێت، هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا خەرجی وەبەرهێنانی دەرەکی FDI لە عێراق کەمیکردووە بەڵام خەرجی وەبەرهێنانی نێوخۆیی زیادیکردووە وەکو لە گرافیکی یەکەمیشدا هاتووە.

بەگشتی لەساڵی رابردووەوە خەرجی وەبەرهێنانی دەرەکی لە کەرتی نەوت و گاز لەدوای راگەیاندنی گەڕی پێنج پڵەس و شەشەمی گرێبەستەکان تینێکی بە وەبەرهێنانی دەرەکی "چینی" لە عێراق دایەوە و وایکرد گۆڕانکاری لە وەبەرهێنانی دەرەکی لە عێراق بهێنێتە ئاراوە و ئاڕاستەی روو لەسەرەوە بێت، هەرچەندە هێشتا ناقسە.

لەڕووی ئەنجامی (نێت) هاوردەکردن و هەناردەکردنی کاڵا و خزمەتگوزارییەوە بەپێی داتاکانی بانکی ناوەندی عێراق CBI نزیکەی سێ ساڵ زیاترە کەوا کۆی پارەی بەدەستهاتوو لە هەناردەکردن نزیکەی دوو هێندەی هاوردەکردن بووە، هەروەکو لە گرافیکی دووەمدا هاتووە کۆی هەناردەکردنی کاڵا و خزمەتگوزاری لە 2023دا گەیشتووەتە 99.14 ملیار دۆلار، بەڵام کۆی هاوردەکردن لەو ساڵەدا 43.7 ملیار دۆلار بووە.

گرافیک 2 : بڕی سەرمایەی هاوردەکردن و هەناردەکردنی کاڵا و خزمەتگوزاری عێراق لە 2013 بۆ 2023 بە ملیۆن دۆلار




سەرچاوە: [بانکی ناوەندی عێراق](), 26-10-2024

## کۆتایی

بەپێی سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی [IMF[3]() عیراق تاوەکو ئێستا یەکێک نەبووە لەو دەوڵەتانەی لەڕووی ئابوورییەوە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کەوتبێتە ژێر کاریگەرییەکانی جەنگ لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بۆ نموونە گورزێکی گەورەی لەڕووی داهاتی گەشتیارییەوە بەر لوبنان کەوتووە کە ئێستا شەڕ بەرۆکی گرتووە و ئابووری میسریش بەهۆی کەمبوونەوەی داهاتی کەناڵی سویزەوە کاریگەری بەرکەوتووە و رووەو قەیرانی دارایی دەڕوات.

لەڕاستیدا بنەمای گەشبینییەکەی سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی بودجەی پەسەندکراوی عێراق و هەوڵەکانی حکومەتەکەی محەممەد شیاع سوودانییە بۆ ریفۆرم و بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری. بۆ نموونە بە دیجیتاڵکردنی سیستەمی دارایی و وەبەرهێنانی نێوخۆیی لە

ریزی ئەوانەدان. عێراق لە سیستەمی سویفت دا بەشداری کردوووە هەوڵی داوە بۆبەدیجیتاڵکردنی سیستەمی بانکی. هەروەها دابینکردنی بەرهەمی سوتەمەنی[4] لەنیوخۆدا خستۆتە بەرنامەی کاری خۆی، بەشێوەیەک لە نیوەی یەکەمی 2024دا هیچ بڕێکی گاز و نەوتی سپی بۆ عێراق هاوردە نەکراوە. هەروەها بڕی ئەو بەنزینەیش کە هاوردەکراوە بەهاکەی ناگاتە 800 ملیۆن دۆلار،  لەکاتێکدا کە لە 2022دا کۆی خەرجی سوتەمەنی هاوردەکراو بۆ عێراق سەروو 5.2 ملیار دۆلار بووە، کە ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە لەڕووی زیادبوونی گەشەی بەرهەمی نێوخۆی و واتای گەڕانەوەی ملیاران دۆلاریش بۆ عێراق دێت.

لەکۆتاییدا، ئەوەی IMF باسی کردووە تەنیا پێشبینییە و لەسەر بنەمای ئەوەیە کە عێراق لە دەرەوەی ئەم جەنگەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بمێنێتەوە، هەروەها بەندەکانی بودجە سێ ساڵییەکەی جێبەجێبکات و ریفۆرمی کاریگەر بکا و بەڕووی وەبەرهێنانی دەرەکیدا بکرێتەوە و پرۆژەکانی بنیاتنانی ژێرخان تەواوبکات و دەرفەتی کار لە دەرەوەی دامەزراوە حکومییەکانیش بێنێتە ئاراوە. بێجگە لەوەی کە کە پێویستە هەوڵی کەمکردنەوەی قەرزی نێوخۆیی و دەرەکی بدات کە ئێستا سەرووی 60 ملیار دۆلارە، ئەگینا مەرج نییە ئەو پێشبینییە ڕاست دەربچێت. چۆن لە ڕاپۆرتی ساڵی 2022دا[5] پێشبینی کردبوو کە ڕێژەی گەشەکردنی عێراق لە 2023دا 4% بێت، بەڵام وەک لە ڕاپۆرتەکەی ئەمساڵیدا[6] هاتووە، نەیپێکاوەوە ڕێژەی گەشەی بەرهەمی نێوخۆیی عێراق  لە 2023دا بە -2.9%وە تەنانەت سفریش نەبووە.

---

[1] International Monetary Fund. 2024. World Economic Outlook: Policy Pivot, Rising Threats. Washington, DC. October.

**[2] ئەحمەد دەباخ، 23-11-2022 العراق الأعلى عالميا في عدد موظفي القطاع العام**

[3] Jihad Azour, Director, Middle East and Central Asia Department, IMF، 2024/10/24/regional-economic-outlook-middle-east-central-asia-october-2024

[4] شركة تسويق النفط حقوق النشر محفوظة لصالح شركة تسويق النفط لسنة 2024

[5] International Monetary Fund. 2022. World Economic Outlook: Countering the Cost-of-Living Crisis. Washington, DC. October

[6] : International Monetary Fund. 2024. World Economic Outlook: Policy Pivot, Rising Threats. Washington, DC. October.